گرۆژی ئەل
Rojî Gel

هەفتەنامەیەکی سیاسی، رۆشنبیری کشتیبە، حزبی رزگاریی کوردستان دەری دەکات، ژمارە نۆبەرەی لە ١ - ٧ - ٢٠٠٠ دەرچووە

ژمارە (٢١٠) یەکشەممە ٨-٦-٢٠٠٨

باراک ئۆباما مژدەی گۆڕان رادەگەیەنێ

باراک ئۆباما کاندیدای دیموکراتیخوازەکان دوای ئەوەی متمانەی زۆرینەی ئەندامانی پارتەکەی بۆ هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماری ئەمریکا وەدەست هێنا، لەیەکەمین هەنگاودا مژدەی گۆڕانکاری لە سیاسەتەکانی ئەمریکا سەبارەت بە رۆژهەڵاتی ناڤین راگەیاند، بەڵام وەکو کانیداکانی پێشوو پشتیوانی خۆی بۆ ئیسرئیل دووپات کردەوەو جەختی کردەوە کە قودس پێتەختی هەمیشەیی ئیسرائیلی یەکگرتوو دەبێ


ل7 چەند پەیڤێک لەسەر ژینگە پارێزی

ل5 کاریگەرییە چاک و خراپەکانی رادیۆ و تەلەفیزیۆن لەسەر تاک

ل4 چۆن پێشوازی لە پێشنیارەکەی دێمیستۆرا دەکرێ

ل3 دەویسترێ مادەی ١٤٠ لە بیر بچێتەوە!

پێشنیارەکانی دێمیستۆراو سەرۆکی حکومەت، کوردستانیان نیگەران دەکەن

ستیڤان دێمیستۆرا نوێنەری تایبەتی رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان پێشنیاری کردووە کە ئاکرێ و بەشێک لە قەزای مەخمور کە بەگوێرەی بڕیارەکانی سەردەمی بەعس سەر بە پارێزگاری موسڵن، بۆ دهۆک و هەولێر بگێڕدرێتەوە، لەبەرانبەردا مەندەلی و بەرتلە(حەمدانیە) لەسەر ناوەند بمێننەوەو بۆ هەرێمی کوردستان نەگێڕدرێنەوە.

پێشنیارەکانی ستیڤان دێمیستۆرا نەک هەر خەڵکی کوردستانی شۆک و نیگەران کردووە، بەڵکو پێیانوایە کە دژ بە بەرژەوەندەکانی گەلی کوردستانەو پشتگوێ خستنی ناسنامەی کوردستانیبوونی ئەو ناوچانەشە کە بەردەوام ناکۆکی و ململانێی لەسەر بووە.

دێمیستۆرا پێشنیاری کردووە کە ناحیەی قەراج کە سەر بە قەزای مەخمورەو ئەو قەزایەش تا ساڵی ١٩٩٨ سەر بە پارێزگای هەولێر بووە و دواتر بە فەرمانی بەعس بە پارێزگای موسڵ لکێندراوە، بۆ سەر هەرێمی کوردستان نەگەڕێتەوە.

لەلایەکی دیکەشەوە رێزدار نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێم لە دوبەی بە ئاژانسی رۆیتەرزی گوتبوو کە کورد ئامادەیە واز لە ریفراندۆم بێنێ و ئیدارەی هاوبەش لە کەرکوک پەسند بکات.

واز هێنان لە ریفراندۆم و پەسندکردنی ئیدارەی هاوبەشی نێوان کوردو عەرەب لە کەرکوک ئەگەری گەڕانەوەی پارێزگای کەرکوک بۆ سەرهەرێمی کوردستان دوورتر دەخاتەوە، ئەمەش بە زیانی خواست و مافەکانی گەلی کوردستان تەواو دەبێ.

لەم پێوەندەدا سەرچاوەیەک لە حزبی رزگایی کوردستان، بە هەفتەنامەی **رۆژی گەلی** راگەیاند کە هەر دوو پێشنیارەکە دژ بە خواستەکانی گەلەکەمانن و پەسند ناکرێن، ئەگەر بخرێنە واری کرداریشەوە نەک کێشەکان چارەسەر ناکات، بەڵکو ئاڵۆزتری دەکات، لەداهاتوودا قەیرانی گەورەتری لێدەکەوێتەوە.

سەرچاوەکەی حزبی رزگاری جەختی کردەوە کە سەرکردایەتی کوردستان ناتوانی ئەم پێشنیارانە پەسند بکات، چونکە گەل رەتیان دەکاتەوە.

ئەمریکا پارەی عێراق وەک کارتی گوشار بەکار دێنێ

رۆژی هەینی ٦-٦-٢٠٠٨ رۆژنامەی ئیندیپێندنتی بەریتانی، نووسیویەتی کە حکومەتی ئەمریکا دەستی بەسەر گوژمەیەکی زۆر لە پارەی عێراق داگرتووەو مەرجی گێڕانەوەی بە مۆرکردنی رێککەوتنی ستراتیژی بەستۆتەوە.

رۆژنامەی ئیندیپێندنت کە رۆژنامەیەکی ناوداری جیهانیەو وەک سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراو ناسراوە، ئاشکری کردووە کە حکومەتی ئەمریکا لەلایەکەوە باس لە ئازادکردنی عێراق دەکات، لەلایەکی دیکەشەوە بەپێی ئەو بڕیارە رەفتار لەگەڵ عێراق دەکات کە ساڵی ١٩٩٠ لەپای داگیرکردنی کوێت لەلایەن سوپای سەدامەوە بەسەر عێراق سەپێندرابوو.

حکومەتی ئەمریکا هەڕەشەی بلۆککردنی ٤٠%ی یەدەگی دراوی عێراق دەکات و سەربەخۆیی عێراقی بەو بڕیارە گرێداوە کە بەهۆی داگیرکردنی کوێت سەپێندرابوو، مەبەستیشی ئەوەیە تا حکومەتی بەغداد ناچار بکات بۆ مۆرکردنی رێککەوتنی ستراتیژی و دامەزراندنی ٥٠ پێگەی سەربازی ئەمریکی لەنێو خاکی ئەو وڵاتەدا کە ئەمەش لەلایەن زۆرینەی خەڵکی عێراقەوە رەت دەکرێتەوە.

هەرچەندە ئەم راپۆرتەی ئیندیپێندنت هەردوو حکومەتی واشنگتن و بەغدادی هەراسان کردووە، بەڵام دیسانەوە چاودێرانی سیاسی پشتی پێدەبەستن و سیاسەتی ئەمریکای پێ لە قاو دەدەن.

ئیسرائیل هەڕەشەی هێرش بۆ سەر ئێران دەکات

مۆفاز جێگری سەرۆک وەزیرانی ئیسرائیل رایگەیاند کە ئەگەر کۆماری ئیسلامی ئێران درێژە بە پیتاندنی یۆرانیۆم بدات و هەوڵەکانی خۆی بۆ وەدەستهێنانی چەکی ئەتۆمی درێژە پێبدات، ئەوە ئیسرائیل ناچار دەبێ هێرشی بکاتەسەر و رێگەی نەدات ئەو چەکە وەدەست بێنێ.

مۆفاز ناراستەوخۆ رەخنەی لە نەتەوە یەکگرتووەکان گرتووەو و گوتویەتی:' ئێمە لە قسەی نێودەوڵەتی تێرمان خواردووە، ئەگەر ئێران پرۆگرامی ئەتۆمی خۆی گەشە پێبدات، ئێمە راناوەستین و هێرشی دەکەینە سەر'

لەلایەکی دیکەوە مۆفاز ئاشکرای کردووە کە ئەگەر بەبێ رەزامەندی و هاوکاری وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاش بێ، ئیسرائیل ئەو هێرشە دەکاتە سەر ئێران و رێگەی نادات کە دەستی بە چەکی ئەتۆمی رابگات.

ئەمە یەکەمین جارە کە ئیسرائیل بەو راشکاویە باس لە هێرشکردنە سەر ئێران بکا.

چاک نامەیەک بۆ پەرلەمانی سوید رەوانە دەکات

کۆمیتەی سویدی ناوەندی **چاک** بەهاوکاری لەگەل ٢٠ پارت و رێکخراوی دیکەدا نامەیەکیان بۆ پەرلەمانی سوێد ناردووەو داوایان لێکردووە کە شاڵاوی ئەنفالکردنی کە لە هەشتاکانی سەدەی رابردوودا رژێمی بەعس دژ بە کوردستانیان ئەنجامی دا، بە جینۆساید بناسێنێ، چونکە رێکخراوی مافی مرۆڤ، جینۆساید ڤچ، دادگەی لاهای، دادگە باڵای تاوان و پەرلەمانی عێراق ئەو تاوانەیان بە جینۆساید ناساندووە.

لەنامەکەدا هاتووە، لە ١١-٦-٢٠٠٨ دیباتێک لەسەر ئەنفالکردنی کوردان لە پەرلەمانەکەتان بەڕێوەدەچێ، لێتان دەخوازین کە ئێوەش هەمان شت بکەن و ئەو تاوانە بە جینۆساید بناسێنن، چونکە لە رێگەی دانپیانی نێودەوڵەتیەوە ماف بۆ کوردەکان دەگەڕێتەوە و دەبێتە هۆیەک تا کەسانی دیکەش دوپاتی نەکەنەوە.

زۆربوونی کورد، تورکیا دەترسێنێ

هەشت ساڵ لەمەوبەر لەسەر فەرمانی کۆنسەی ئاسایشی نەتەوەیی تورک دەست بە لێکۆڵینەوە لە گروپ و کەمە نەتەوەکانی ناو تورکیا کراوە، هەروەها لەژێر چاودێری پرۆفیسیۆر **شەعبان کوزگوون** دا لەلایەن چەند زانستگەیەوە لێکۆڵینەوەیەکی بەرفراوان ئەنجام دراوە، بەوهۆیەوە ئاشکرابووە کە ژماری کورد زیاتر لە ١٢ ملیۆن مرۆڤ دەبێ.

لێکۆڵینەوەکە ئاشکرای کردووە کە ژمارەی هەنووکەیی مرۆڤی تورک لە تورکیا دەگاتە پەنجاو پێنج ملیۆن کەس و زۆرینەی دانیشتووانی تورکیا پێکدەهێنن، بەڵام کورد بە پلەی دووەم دێ و ژمارەیان دەگاتە دوازدە ملیۆن و شەش سەد هەزار کەس، کە دوو ملیۆن لەوان بەرەو لە دەستدانی ناسنامەی نەتەوەییان دەڕۆن.

لێکۆڵینەوەکە ئاشکرای کردووە کە ٩٠%ی گورجەکان و ٨٠% بۆشناکەکان تواونەتەوە، هەروەها چەندین گروپی وەکو پۆماک و ئەلبانی بەتەواوی ئاسیمیلە بوونەو بوونەتە تورک.

لەلایەکی دیکەوە لێکۆڵینەوەکە دەڵێ: وێڕای ئەوەی کە تورک پلەی یەکەمی هەیەو ٥٥ میلۆنە و کورد لە پلەی دووەمدا جێگەی گرتووە، بەڵام بەهۆی ئەوەی کە خێزانە تورکەکان نایانەوێ منداڵی زۆریان هەبێ، بەپێچەوانەوە خێزانە کوردەکان بە رێژەیەکی زۆر منداڵ دروست دەکەن، ئەمەش وا دەکات کە لە داهاتوودا زۆرینەی دانیشتووانی تورکیا پێکبهێنن.

تورک ئاکامی لێکۆڵینەوە بە هەڕەشە لە سەر چارەنووسی وڵاتەک دادەنێن و هەوڵی خۆپارێزی دەدەن.

BGN: عێراق بەرەو هەڵوەشانەوە دەڕوات

سێنتەری BGN لە دوایین لێکۆڵینەوەی خۆیدا بەو باوەڕە گەیشتووە کە ئیدی دەوڵەتی عێراق کە لە کۆتایی یەکەمین جەنگی جیهان بە پیلانی دەرەکی دروست کراوە، هەڵدەوەشێتەوەو بەرەو پارچەبوون دەڕوات.

سێنتەری BGN کە ناوەندێکی تۆژینەوەی ستراتیژی ئیسرائیلیە لە لێکۆڵینەوەیەکدا کە سەبارەت بە داهاتووی عێراق ئەنجامی داوە، بەو ئاکامە گەیشتووە کە ئومێدی عێراقێکی یەکپارچە بەنبەست گەیشتووە، گریمانەکانی هەڵوەشانەوەی عێراق بوونەتە دیفاکتۆ، لە داهاتوویکی نزیکدا دوو دەوڵەتی عەرەبی و کوردستانی لە هاوسێی یەکتردا دروست دەبن، پێشکەوتنیشیان چاوەڕوانکراو دەبێ و لە ماوەیەکی کورتدا هەنگاوی باش بەرەو پێشەوە دەهاوێژن و سەرنجی جیهان بەلای خۆیانەوە رادەکێشن.

سێنتەرەکە لە راپۆرتێکدا نووسیویەتی کە پارچەبوونی عێراق بۆتە راستێکی رەسیو، دەبێ هەموو کەس چاوەڕوانی پێکهاتنی دوو دەوڵەت بکەن، بەڵام ئەگەری قوڵبوونەوەی توندوتیژی لەنێوان سوننەو شیعەکانیشدا هەیە، هەرچەندە کە لەم کاتەدا شیعەکان نایانەوێ پشتیوانی نێودەوڵەتی لەدەست بدەن و دەست بە شەڕێکی بەرفراوانتر بکەن.

رۆژەڤ

لۆژیکی سیاسەتی راستین ئەوەیە کە حکومەت بێ سێ و دوو خزمەتگوزاریە بنەڕەتیەکان جێبەجێ بکات، خۆی پێیانەوە هەڵنەکێشێ و بەسەر خەڵکدا نەیانفرۆشێتەوە، چونکە گەل کاتێک دەنگ بە نوێنەرانی خۆی دەدات. دەیەوێ حکومەتێکی خزمەتگوزار و راپەڕ پێکبهێنرێ، گەل هەرگیز رەوایەتی بە حکومەت نادات کە نازو فیز بکات و لاف بەسەریەوە لێبدا، چونکە بەلاف لێدان و نازکردن رەوایەتی خۆی لەدەست دەدات، لەهەمووش سەیرتر ئەوەیە کە بۆ دابینکردنی ئەو خزمەتگوزاریە سەرەتاییانە، حکومەت سۆزو بەلێنی خاپاندن بە خەڵک بدات و دواییش جێبەجێیان نەکات.

هەموو کەسێک دەزانی ئەرکی حکومەتە کە خزمەتگوزاریە بنەڕەتیەکانی وەکو ئاو، کارەبا، سووتەمەنی، ئاسایش و نشینگە بۆ خەڵک دابین بکات، ژیان و بژێوێکی باش و ئاسوودەیان بۆ مسۆگەر بکات، بەڵام کاتێک حکومەت ئەرکەکانی خۆی ناناسێ و دابینکردنی خزمەتگوزاریەکان وەک بەخشیش و خێرپێکردن لێکدەداتەوە، یان بە بەڵێنە بریقەدارەکانی خەڵک لە سایدی و چاوەڕوانی رادەگرێ، دەبێ رەخنەی لێبگیرێ و دەنگی نارەزایی لەبەرانبەردا بەرز بکرێتەوە.

کوردستانیانی باشووری کوردستان ماوەیەکی دوورو درێژە پشتیان بە سۆزو بەڵێنەکانی حکومەت بەستووەو چاوەڕوانی دابینکردنی خزمەتگوزاریە بنەڕەتیەکانی لێدەکەن، بەڵام هێشتا بەڵێنێک کاڵ نەبۆتەوە، بەڵێنێکی دیکە دەدرێ و خەڵک لە چاوەڕوانی رادەگیرێ. دوای لەگەڵ تەنگژەو کێشەو قەیرانی دیکە دەستەویەخە دەکرێن و ئەوانی پێشوویان پێ لەبیر دەبردرێتەوە.

حکومەت دەتوانێ راشکاوانە تواناو شیانی خۆی بۆ گەل خۆیا بکات، ئەگەر بەڵێنیشی دا دەبێ، جێبەجێیان بکات، بەڵام بەڵێنەکانی حکومەتی هەرێم لە بازنەیەکی داخراودا دەخولێنەوە، رەنگرێژ دەکرێن و لێدەدرێنەوەو جێبەجێش ناکرێن.

ئەگەر بەڵێنەکان راست بوبان، دەبوایە کارەبای فول هەبوایە، ئەگەر بەڵێنەکان راست بوبان، دەبوایە کێشەی سووتەمەنی ریشەکێش بکرابوایە، ئەگەر بەڵێنەکان راست بوبان، دەبوایە کێشەی برسێتی و بێکاری وەکو رابردوو باسی لێوەبکرابوایە، ئەگەر بەڵێنەکان راست بوبان، دەبوایە هەموو خێزانێک خانووی نشینگەی خۆی هەبوایە.

حکومەتێک نەتوانێ کارەبا دابین بکات و کێشەی سووتەمەنی یەکلایی بکاتەوە، نەتوانێ کێشەی بێکاری چارەسەر بکات، نەتوانێ پرۆژەیەکی گونجاو بۆ قەیرانی نیشتەجێبوون پێشنیار بکات و ئاسایشی رێگەوبانەکان مسۆگەر بکات، چۆن دەتوانێ باس لە خزمەتگوزاری بوون بکات.

حکومەتێک نەتوانێ بەر بە رەشەکوژی ژنان بگرێ و پاراستنی سنوورەکان بە ئەرکی خۆی نەزانێ و لەسەر وڵاتیانی خۆی نەکاتەوە و نەیانپارێزێ، لاف و گەزافی چی لێبدات؟!

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com